REWAN U
ڕێوان

فرە ژنی، یەکێک لەو ئامانجانەی کە یەکێتی پیاوان لەپێناویدا دادەمەزرێت. ل٢

ڕۆژنامەیەکی روناکبیری سەربەخۆیە
سەنتەری ڕاگەیاندنو روناکبیری ژنان دوو هەفتە جارێ دەریدەکات

١٦ی نیسانی ٢٠٠٧ ژمارە (١٤٦) ساڵی شەشەم نرخی (٢٥٠) دینارە

An Independent Cultural Newspaper Published Twice a month by Women's Media and Education Center

# دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران ئازادییەکانی ژنان زەوت دەکەن



نەوشین ئەحمەد

مرۆڤ بانگهێشتی دادگا کران.

نوشین ئەحمەد خراسانیو ژیلای یەعقوبو سەوسەن تهماسپیو سارا لوقمانی بانگهێشتی دادگاکران، ناوبراوان بەوە تاوانبار کراون کە بەشداریان کردوە لەکەمپینی کۆکردنەوەی ئیمزا بەمەبەستی نەهێشتنی جیاکاری لەنێوان ژنو پیاودا.

بەپێی سایدەکانی هەواڵ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بڕیاریانداوە ٣ پارکی تایبەت بەژنان دروست بکەن، تا ئێستاش دو هەڵسوراوی تری ژنان لە زینداندان پاش ئەوەی رۆژی ٨/٣بەشداری کۆبونەوەیەکیان کرد کە لە پارکی لالە ئەنجام درابوو.

لەچوارچێوەی زەوتکردنو بەرتەسککردنی ئازادیەکانی ژنان لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێران ٤ ژنە هەڵسوڕاوی بواری مافی

## بەپێی (ئاریشە) ئارایشتگاکان بەدڕەوشتی بڵاودەکەنەوە

لەنامەیەکی کراوەدا کە ئاڕاستەی سەرجەم ئارایشتگاکانو سەندیکای ئارایشتگاکانو بەرنامەی ئاریشەی رادیۆی کۆمەڵی ئیسلامی کراوە، کە تێیدا هاتووە.

بەرێزان، لە بەرنامەی ئاریشەی کۆمەڵی ئیسلامیدا، ئێوارەی یەکشەمە گوێبیستی چوار چیرۆك بوین، لەسەر ئارایشتگاکان کە بەباشی دەزانم لەرێگەی ئەم نامەیەوە هێمایەك بۆ ئەو چیرۆکانە بکەم.

لەلاپەڕە (٢) دا دەقی نامە کراوەکەو ریوایەتەکان دەخوێنیتەوە

## ئامارەکان، خۆسوتاندنی ژنان بە دیاردەیەکی پەرەسەندوو دەناسێنن

بە پێی سیمینارێکی رێکخراوی هەتاو ،خۆسوتاندنی ژنان لەم سێ ساڵەی دواییدا پەرەی سەندووەو ئامارەکان دەریدەخەن کە لەساڵی ٢٠٠٣دا ٣٤٩ ژن خۆیان سوتاندووەو لەساڵی ٢٠٠٥ – ٧٧٢ ژنو لەساڵی ٢٠٠٦ – ٨١٢ ژن خۆیان سوتاندووە.

لەمیانەی سیمینارەکەی رێکخراوی هەتاودا کە رۆژی ٢٠٠٧/٤/١٥ لە هۆڵی تەواری یەکێتی ژنان ئەنجام درا ، تیشك خرایە سەر رەهەندەکانی پشت دیاردەی خۆسوتاندن ئەویش لە توێی توێژینەوەیەکی زانستیدا کە هەر سێ پزیشك(زەکەریا ئەحمەدو مستەفا جەعفەرو پشکۆ تاهیرە) ئامادەیان کردبوو،

د. زەکەریا ئەحمەد باسی لەخۆکوشتنو جۆرەکانی کردو دکتۆر مستەفاش رێژەکانی خۆسوتاندنی ژنان کە بەبەراورد (لەگەڵ ساڵانی پێشو زیادی کردووە،بە ئامار خستە روو، دکتۆر پشکۆش کەئامادەکارێکی توێژینەوەکە بوو، بەراوردێکی لە نێوان خۆکوشتن لە هەرێمی کوردستان وڵاتانی تردا پێشکەش کرد.

تەلار ئەحمەد لەرێکخراوی هەتاو بە رێوانی وت "لەداهاتوودا لەدەرەوەی سلێمانی هەمان سیمینار دوبارە دەکەینەوەو داوای هاوکاریش لەرێکخراوەکانی تر دەکەین، کاری هەموانیش بەمەبەستی کەمکردنەوەی دیاردەکەیە".

## لە هەولێر ئازادی گفتوگۆی لەسەر کرا

ئازادی دەربڕینو بەرپرسیارێتی لەنوسیندا، تەوەری سەرەکی کۆبونەوەیەکی کۆمەڵێك لەرۆژنامەنووسانو نوسەران بوو لەشاری هەولێر.

لیژنەی ئامادەکاری کۆبوونەوەکە لەبانگهێشتەکەدا نوسیویانە (کۆبونەوەیەکی تایبەتە بەمەبەستی، گفتوگۆکردن لەسەر ئازادی رادەربڕینو بەرپرسیارێتی نوسەرو رۆشنبیران لەنوسیندا، کە ئەمڕۆ بۆتە گرفتێکی ئاڵۆز لەبەردەم هەموانداو کۆبونەوەکە رۆژی (٢٠٠٧/٤/٥) لەهۆڵی هۆتێل هەورامان کۆبونەوەکە ئەنجامدرا و زیاد لە ٣ سەعاتی خایاندو لەکۆتاییشدا بەلاغێکیان ئامادە کرد کە تیایدا هاتوە: (جەخت لەسەر پەرەپێدانی میدیای ئازاد بکرێتەوە، داکۆکی لە دەستکێشانەوەی حیزب و حکوومەت لەکاری رۆژنامە نووسان بکرێو بە ئاراستەی بەرژەوەندی هیچ لایەکیدا نەبەن).

نوێنەری سەنتەری راگەیاندنو روناکبیری ژنان، کە بەشداربوویەکی کۆبونەوەکە بو وتی "گومان دەکەین کە ئەم کۆبوونەوەیە تەنها بەمەبەستی داکۆکی کردن نەبێت لەو چەند کەسایەتیە سیاسییەی بەم دواییانە لەسایتەکان لەسەریان دەنوسرێت".

لیژنەی ئامادەکاری کۆبونەوەکە بریتی بوون لە هەڵکەوت عەبدوڵا ـ دڵشاد عەلی ـ فەتاح زاخۆیی ـ زیرەك کەمال ـ دانا عەسکەر ـ کاروان عەبدوڵا ـ ئەنوەر محەمەد تاهیر.

## رێکخراوە مەدەنیەکان هەڵمەتی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی رادەگەیەنن

کۆمەڵێك لە رێکخراوە مەدەنیەکانی شاری سلێمانی ودەوروبەری کە بە هاوپەیمانی رێکخراوە نا حکومیەکانی سلێمانی ناسراوە، هەڵمەتی بەرەنگاربونەوەی گەندەڵی رادەگەیەنن، لەرێگەی چەند وۆرکشۆپێك و بەرنامەی تەلەفزیۆنی و رادیۆییەوە رادەگەیەنن.

عەتا محەمەد بەرپرسی رێکخراوی (CDO)ی ئەندامی هاوپەیمانێتی ناوبراو، بە رێوانی ووت "بەئامانجی دروستکردنی متمانە بۆ کاری پێکەوەییو دەستخستنی میکانیزمێك بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵیو رۆڵی رێکخراوەکان لەو بوارەدا، ئەندامێتی هاوپەیمانی رێکخراوەکان دەکەین".

سەبارەت بە جۆری وۆرك شۆپەکان بەختیار ئەحمەد رێکخەری پرۆژەکەش، ووتی "لەسلێمانی دوو وۆرك شۆپ ئەنجام دەدرێت، یەکەمیان بۆ رێکخراوەکانی ناو هاوپەیمانیەکەیەو دوەەمیشیان بۆ رێکخراوەکانی دەرەوەی هاوپەیمانییەکەیە" هەروەها وتی" وۆرك شۆپ لەهەڵەبجەو رانیەش ساز دەکرێت".

هاوپەیمانێتی رێکخراوەکانی سلێمانی لە ١٣ رێکخراوی مەدەنی پێکهاتوە، کاردەکات لەپێناو سنوردار کردنی دیاردەی گەندەڵی.

## لەتوێژینەوەیەکدا چۆمان هەردی باس لەجینۆساید کورد دەکات

لەدوو کۆڕی جیادا لەسلێمانیو کەلار د. چۆمان هەردی لەتوێژینەوەیەکی تایبەت بەئەنفالکردنی کورد، باس لەڕەوشی ژنانی پاشماوەی ئەنفال دەکات.

توێژینەوەکەی سلێمانی رۆژی ٢٠٠٧/٤/٩ لەهۆڵی روناکی زانکۆ بەئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرچاو بەڕێوەچوو، تێیدا هەردی بەتێرو تەسەلی رەوشی ژیانی ژنانی کورد لەکاتی ئەنفالو ئەو گۆڕانکاریەو دەستکەوتو رەخنانەشی خستەڕوو کە دوای ئازادی روویداوە.

لەپەراوێزی سیمینارەکە هەردی بە رێوانی وت "دوو ساڵە سەرقاڵی توێژینەوەکەمو بۆ دەوڵەمەندکردنی سەرچاوەش سوودم لەبەشی جینۆسایدو هۆلۆکۆس لەزانکۆی ئۆپسالای سوید بینیوەو وەك هەنگاوێکی سەرەتایی باسم لە کۆژانەکانی ژنان کردوە".